# با حکوومەتی کوردستان خۆی چارەی کێشەی پەکەکە بکات.!

موحسین جوامێر

پەکەکە، هێز و بزاڤێکی کوردستانییە، داکۆکی لە کورد لە بەشێکی هەرە مەزڵوومی کوردستاندا دەکات.. بەڵام هەبوونی لە باشووردا، چەند واقیعییە، چەندیش قازانج و هەروەها زیان بە ئەو قەوارەکوردییەی جێی نەزەر و هیوای هەموو بەشەکانی وڵاتە، دەگەیەنێ، ئا ئەمەیان دەبێ بەوپەڕی جیددییەتەوە لێی بتۆژرێتەوە و بەهێند هەڵبگیرێت.

لەو ڕۆژەوە باشووری کوردستان دەوڵەتۆکەکی بۆ ڕەخساوە، پەکەکە بووەتە کراسی عوسمان و تورک هەموو دەمێ دەیکاتە پەڵپ و پاساو بۆ بەزاندنی سنوور، تۆپبارانکردنی گوندەکان و سەرکردنە سەر کورد، بۆ زیندەبەچاڵکردنی ئاواتەکانی، چ درشت یان ورد.. ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکا زەینی بۆ ئەوە بچێ کە هەبوونی هێزی شەڕوانانی پەکەکە لە بەرژەوەندیی باشووردا نییە، چونکە بە نەبوونی لە خاکی کوردستاندا، هەموو ڕێگەیەک لە تورک دەگیرێ کە زاتی ئەوە بکا بێت و ببێتە بەرهەڵستێک لە ڕووی ئەو پێشکەوتنەی ڕەنگە کورد ـ بە هەموو کەموکەسرییەوە ـ لەم پارچەیەی وڵاتدا، وەدەستی بهێنێت.

پیاو کە ڕەوشی سیاسی و هاوکێشەکانی نێو تورکیا و مێژووی تورکانی ئەم سەردەمە لەگەڵ بزاڤی چەکداریی کوردا، دەخوێنێتەوە، بۆی هەیە ـ تا ڕادەیەکی نیوچەزۆر ـ سوور بێ لەسەر ئەوەی تا کلکی حوشتر نەگاتە ئەرز، ڕۆژێک لەڕۆژان دان بە پەکەکەدا ناهێنرێت؛ چ جای لەگەڵیدا بکەونە دانوستاندن و وتووێژ.. بەچاوپۆشین لەوەی پەکەکە لەنێو خودی کوردی باکووردا ـ سەبارەت بە هۆکاری جیا ـ ئەوەندە پێشوازیی لێ ناکرێت، هەروەک ڕەوڕەوەی هەڵبژاردن و دەنگدانەکان سەلماندیان.. جگە لەوە، پێناچێ لەمەودوا بزاڤی پارتیزانی لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو ڕەواجەی هەبێ و ئەو هەلەی بۆ برەخسێ کە بکرێ بە ئامرازێکی کاریگەری ئەوتۆ، بۆ وەدەستخستنی مافی گەلان، بەتایبەتیش پەکەکە، کە هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەمیش لە ئەورووپا، بەهۆی هێندێ هەڵەی توندئامێز؛ پشتیوانی و سۆزی زۆر لایەن و لایەنگرانی لە دەست دا.. هەڵبەت، ناشکرێ ڕۆڵی تورکان لە زراندنی نێوبانگی ئەم بزاڤە، فەرامۆش بکرێت. دیسان، هیچ ڕۆشناییەک لە ئاسۆدا بەدی ناکرێ کە ئاماژە بەوە بکا ئەمریکا بۆ خاتری پەکەکە، دڵی تورکان لە خۆی برەنجێنێ، واز لە ڕەسەنترین و کۆنترین هاوپەیمانی ستراتیژیی خۆی بهێنێ.. نەک هەر لەبەر پەکەکە، تەنانەت لەبەر خاتری کوردی باشووریش ..گرێکوێرەکە ئا لێرەدایە.

ئەگەر بەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی لەنێوان بەغدا و ئەنقەرەدا بچین، دەبینین بڕیارێکی بەبڕشت ( قاطع ) هەیە بۆ لێدانی پەکەکە، وەلێ مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی کاتە و چیتر. لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی لە نێوان تورک و عیراقییەکاندا بەڕێوە دەچێ، بە ئاگاداریی ئەمریکاش؛ دیارە بەری دانیشتنەکان کاڵ و دەوەن بەئاش نییە، بەڵکوو هەرجارێ هەنگاوگەلێک دەچنە پێشەوە و دەسکەوتێک بۆ تورک و دوژمنانی کورد، دەچنن. تاکەبڕیاری کە گریمانەیەکی بەهێز هەیە لە دانوستاندنی داهاتوودا بدرێت، ڕێگەدانە بەهاتنەناوەوەی کوردستان و ڕاوەدوونانی شەڕوانانی پەکەکە.

ئەز وا بزانم، لەجیاتی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان تورکیا ـ بە ڕەزامەندیی ئەمریکاش ـ دەستووری پێ بدرێ تا بێتە نێو کوردستانەوە، کە ئەوسا نەک هاونەتەوەمان پەکەکە ئەگەر لە سەرەند و بێژنگ نەدرێ، پرشوبڵاو دەکرێ؛ بگرە هەموو دەسکەوتێکی کورد لە باشووردا؛ دەکەوێتە مەترسییەوە.. ئەرێ، لەجیاتی ئەوەی ئەو ڕۆژە ئەنگوستەچاوەمان لێ ڕاست بێ، با حکوومەتی کوردستان، بۆ نەهێشتنی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ، بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی پەکەکەدا؛

**ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ ئەم تەنگژەیە بدۆزنەوە.. دەنا خوانەخواستە، ئەگەر تورک بەگژماندا هات، کە هەر ڕۆژێک بۆی هەیە بێت، ئەوە جگە لەوەی دەبێتە سەرکار و کوێخامان؛ دەچینەوە قۆناغی یەکەمین لە : دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین.!**

30/09/2007

mohsinjwamir@hotmail.com